# نەمری

**عەتا محەمەد**

وەك ئەفسانەكان، منیش توانیم نەوەك تەنها مەرگ لە وێنەیەكی جواندا ببینم، بەڵكو هاوڕێیەتیشی بكەمو بتوانم چەند رۆژێك لە گەڵیدا بمو لەو ماوەیەشدا باسی زۆرشت بكەین. تەنانەت بەوردی باسی ترس لە مردنو ساتی گیان دەرچوونمان كردو ئەزموونی چەند گیانكێشانێكی نیشاندام، كە ئەو بەڕوویەكی خۆشەوە دەیكردن (یەكێك لەوانە خۆسووتاندنی ئافرەتێك بوو) وەك ئەوەی ئەو رزگاركەری ئینسان بێت لە ژیان، نەوەك تۆڵەسێنو دوژمن. ئەو رۆژەی پێكەوە لە كەنار ئاوێك مەلەمان دەكرد، زانیم مەرگ، وەك من، پێیوایە كە مردن ئەوەندەی چاوەڕوانیەكی وەڕسكەرە، ئەوەندە بە ئازار نیە، وەك بۆی دەچین. ئەو رۆژە حەزمكرد لەبارەی ئەو گەردوونەوە قسەی بۆ بكەم كە دەمویست دروستی بكەم.

ئەو یەكتر بینینەی نێوان منو مەرگ لەو باوەڕەمەوە بوو كە كوشتنی مەجازێك بەمەجازێكی تر دەبێت، وەك پیاوانی ئاین كردیان، منیش دەبوو مردن لەناو وێنەكانیدا بكوژم. بەهەرحاڵ ئەو بەیەكگەشتنەمان، كە ئێستا هەوڵی گێڕانەوەی دەدەم، لەیەكێك لە سایتە ئەلەكترۆنیەكاندا بوو، كە جیهانێكی گریمانكراو بوو،و دەمانتوانی تێیدا ژیانێكیتر بژین، ئەگەرچی ئێمە لەوێ دەبووینو لەوێش نەدەبووین. بەمانایەكیتر دەمانتوانی یەكێكی تری خۆمان لەو واقیعە دروستكراوەدا بێت، كەخۆمان دەمانخولڵقاندو كەچی لەوێش نەدەبووین.

بەوپێیەی من چەندین ئەزموونی ئەو ژیانانەم كرد، دەمەوێت یەكێك لە ژیاننامە زۆرەكانی خۆم بنووسمەوە، دوای ئەوەی توانیم چەندین ژیانی گریمانكراو، لەوێ لەو جیهانە دروستكراوەدا بژیم.

من دوای ئەوەی توانیم ئەو سایتەئەلەكترۆنیە بدۆزمەوە، كە جیهانێكی سێ ڕەهەندیی گریمانكراو بوو، توانیم زۆر ژیانیتر ئەزموون بكەم. تەنانەت لە یەكێك لە ژیانە گریمانكراوەكانمدا بەناوی جەمال عیرفانەوە جارێكی تر لەساڵی ٢٠٠٥دا كوژرامەوە، كە نامەوێت هیچی لەبارەوە بڵێم، هەرچۆن مێژوو فەرامۆشی كرد. بەڵكو باس لە یەكێك لە ژیانە گریمانكراوە زۆرەكانی ترم دەكەمو هەوڵی نووسینەوەی دەدەم، نەك لەبەر ئەوەی فەرامۆش نەكرێم، بەڵكو بۆ ئەوەی لەناو ژیانە زۆرو پڕ لەپێچو پەناكانمدا ونبمو هەرگیز نەدۆزرێمەوە.

من كە ئێستا لە ئەبەدیەتی یەكێك لەو سایتەئەلكترۆنیانەدا دەژیمو بەسەرهاتی خۆم دەگێڕمەوە، دەمەوێت باس لەئەزموونی ئەم ژیانەم بكەم، كە بەحەقیقی یاخود واقیعی ناودەبرێت. وەك ئەوەی ئەم ژیانە سێ ڕەهەندە دیجیتاڵیەم، حەقیقەت بێتو ئەو ژیانەشم ئەندێشەیی بێت، كە ئێستا لەوێ لەبەردەم كۆمپیوتەرێكدا دانیشتوومو ئەندێشەی ئەم چیرۆكە دەكەم. ئێستا لەوێ ئەندێشەی ئەو واقیعانە دەكەم، كە گریمانكراونو دەتوانم بگەڕێمەوە ناویان.

من كە ئێستا دەمەوێت چیرۆكی خۆم بگێڕمەوە، لە یەكێك لە جیهانە گریمانكراوەكانی سایتێكدا، بوومەتە گەڕیدەیەك، دوای ئەوەی ئارەزووم بوو ئەم جیهانە گریمانكراوە سەیرە كەشف بكەم، بە رووبارو جەنگەڵو چیاو

دۆڵی سەیریەوە. ئەگەرچی پێشتر ئەزموونی جیهانی ترم کردووە، بەڵام ماوەی زۆر لەنێوان ژیانە گریمانکراوەکانمدا هەیە، بەوەی لە تواناماندایە لەم جیهانە گریمانکراوانەدا، یاری بەزمەن بکەین، جارێك نەمتوانی بە کەشتیەکەی نوح لە تۆفانە ئەفسانەییەکە دەرباز ببمو خنکام، جارێکی تر هاوەڵی نالیم کرد لە سەرهەڵگرتنەکەیداو ئەو نامەیەشم هێنایەوە بۆ سلێمانی کە بۆ سالمی دەنووسێت. هەر بەوشێوەیەش دەمتوانی لە جیهانە گریمانکراوەکانمدا شوێنی جیا جیا ئەزموون بکەم، وەك ئەوەی ئەو واقیعەی نوحو نالیو هەموو ئەم ژیانەش کە بەحەقیقی دەزانینو ئێستا ئەم چیرۆکەی تیا دەخوێنیتەوە، هیچ نەبێت، جگە لە ژیانێکی گریمانکراوو هیچ ژیانێکی راستەقینەش بوونی نەبێت. وەك ئیبن عەرەبی دەڵێت "ئەگەر پرسیت جیهانی بەرزەخ چیە دەڵێین دنیای خەیاڵە". بەڵام ئەوانەی پەی بە جیهانە گریمانکراوەکان دەبەن، لەیەك کاتدا لەوێنو لەوێش نین وەك من.

پێش ئەوەی باس لەم ژیانەم بکەم، دەبێت ئەوە بڵێم کە پەیبردنم بە ژیانە گریمانکراوەکانم بەرێکەوت بوو، ئەویش دوای ئەوەی سایتێکم لە ئینتەرنێتدا دۆزییەوە بە ناوی "ژیانی گریمانکراو"ەوە، دەمتوانی لێیەوە ئەزموونی زۆر ژیانی واقیعیو ئەندێشەیی بکەم، پاشئەوەی ئەو زەمانو شوێنەم بە وردەکارییەکی تەواوەوە هەڵدەبژارد کە دەمویست، ئەوسا وەک وێنەیەک، دەچوومە ناو ئەو واقیعەوەو بەهەموو وردەکارییەکیەوە دەژیام. تەنانەت ئەو جارەش کە لەگەڵ نالیدا بەرەو ئەستەمبوڵ رۆشتم، دوای ئەوەی زەمانو سەردەمو تەنانەت نالیشم دروستکردەوە، لە رێگا نەخۆش کەوتمو نەمتوانی دوو رۆژ برۆم، ئەویش زۆر شیعری تری نووسی کە لەو دیوانەیدا نیە کە مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس ساغی کردەوەو چاپی کرد. تەنانەت من لەو جیهانە گریمانکراوانەدا بۆ یەکەمجار سیمرغی ناو ئەفسانەکانم بینیو دەستم لە تووکی پڵنگداو هەرگیز لەو باوەرەدا نەبووم پڵنگ تووکی ئاوا نەرم بێت. هەرچۆن دۆزەخیشم وەك دەریای ئاگر نەبینی.

من ئێستا نامەوێت پرسیار لەبارەی ئەوەوە بکەم کە ئایا من لەم جیهانە گریمانکراوەمدا، کە هاوەڵی مەرگ دەکەمو دەمەوێت گەردون دروستبکەمەوە، راستەقینەم یاخود ئەو منەی تر راستەقینەیە، کە ئێستا لە جیهانێکی تردا بەرامبەر کۆمپیوتەرێك دانیشتووەو ئەندێشەی من دەکات، چونکە دەشێت هەریەکەمان حەقیقەتی ئەویتر بێت.

لەو سایتەدا، کە مەرگم بینی بەو جوانیە مەلە دەکات، پێموت دەزانیت بیر لەوە دەکەمەوە گەردونێک بخوڵقێنم. ئەو بەساردیەکەوە وتی بەوپێیەی تۆ لە ئەفسانەدا دەژیت، دەکرێ.. کەمێك لێی نزیك بوومەوەو بە سوکی وتم بەڵام لەو گەردونەی مندا تۆی تیا نابیت، هەرچۆن دەکرێ نیوتنو ئەنشتاینو زۆری تریشی تیا نەبێت. چونکە ئەو گەردوونەی من، لەسەر یاسای تر بینای دەکەم. ئەگەر حەزدەکەیت دەتوانم وێنەیەکی تەواو نەکراویت نیشانبدەم.

ئەوکاتە دەستمگرتو بەرەو سایتێکی تر بردم، کە سایتی گەردونە تەواو نەکراوەکەم بوو. مردن هەرزوو دڵنیابوو لەوەی کە یاسا فیزیاییو هەموو یاساکانی تر لەم گەردوونەدا جیاوازن، بەوپێیەی بیرکردنەوەیەکی تر خوڵقاندویەتیو مەرج نیەسێوەکەبەرەو خوار بکەوێت.

هیچ سەرسامی بە مەرگەوە دیار نەبوو. پێموت پێشتر گەردوونی وات بینیوە، وا ئاسایی دەیبینیت، لەکاتێکدا هیچ یاسایەکی وەك ئەو یاسایانە نیە کە دەیزانین، تەنانەت بەمردنیشەوە؟ ئەو بەناو گەردوونەکەدا دەگەراو لەسەرخۆ وتی دەشێ تۆ وای بۆ بچیت. بەڵام من لەپشت ئەم گەردوونەوە ئامادەییم هەیەو تۆ نەتوانیوە زاڵبیت بەسەر وێنەو بیری مەرگدا.

لەو خۆگێلکردنەی مەرگ، سەرم سوڕماو بە پێکەنینەوە وتم بەڵام ئەوەتا دەبینیت لەم واقیعە نوێیەدا، مردن نیە. ئەویش دەستی بەرەو قولاّیی گەردونەکە راکێشاو وتی فێڵەکە لێرەدایە، تۆ توانیت هەموو یاساکان بە مردنیشەوە، بگۆڕیتو نەتدەزانی کە مردنت گۆڕیوە بە نەمری، هەمیشە خالقەکان ئەو یاریە دەکەن.

ئەوکاتە لە نهێنی یاریەکە تێگەشتمو زانیم کە نەمری سزای مەرگە بۆ من، لەکاتێکدا رزگارکەری عەتایە کە ئێستا لەوێ لە واقیعێکی تردا، واقیعێکی سامناک کەپێیدەڵێن ژیانو دەشێت ئەندێشەی من بێت، لەبەردەم کۆمپیوتەرێك دانیشتووەو لەوانەیە ئەویش ئەندێشەی من بکات لەم گەردوونەدروستکراوەسێ رەهەندییەداو بە ئارامیەوە بیر لەمردن دەکاتەوە. چونکە دەزانێت کە مردن دەتوانێت عەتای راستەقینە، چەند هەوڵی خۆشاردنەوەبدات، لەناو وێنەکانیدا بدۆزێتەوە. بەڵام ئەو نەیتوانی وێنەی مەرگ بکوژێتو تەنها وێنەکەی گۆڕیبوو بەنەمری. ئەوکاتە زانی کە نەمری چەند بەئازارە...

* * *

# بە ئەفسانەكردنی واقیع لە چیرۆكی "ئەمری" عەتا محەمەد-دا

ئارام سدیق

## سەرەتایەک

دنیای چیرۆك یەكێكە لەو دنیایانەی كە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی. لەچیرۆكدا دەتوانی ناكۆتا گریمانەی جیاجیا بخەیتەڕوو. هەم لە گێڕانەوە و دەستكاریكردنی مێژوو بۆ خولقاندنی دنیای نوێ، هەم بۆ نوسینەوەی ئەوە دنیایەی، كە تێیدا دەژین، كە ئەم حاڵەتە تاڕادەیەك لە قودرەتی شیعردا نییە، یان بابڵێین شیعر شانی هەڵگرتنی ئەو بارە قورسەی نییە. دەشێ ئێمە لەشیعردا گوزارشت لەزۆر شت بكەینو زۆر هێماو دەلالاتی تایبەتمەند بەكاربهێنینو زۆرترین قورسایی ئازارو خەونەكانمانی بخەینە ئەستۆ، بەلاَم دواجار لەشیعردا سنوربەندی هەیە، بۆیە زۆربەی شاعیرە دیارەكانی دنیا، هەوڵی تێكشاندنی ئەو سنورانە دەدەنو دەیانەوێت لەڕێی (رۆمانە شیعر- پەخشانە شیعر..هتد) زیاتر گریمانەكانی نێوان بوونو مەرگ بخەنەڕوو. ئەم حاڵەتەش لای چەند شاعیرێكی كورد رەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە.

بەوردبوونەوە، تێدەگەین وەزیفەی چیرۆكو چیرۆكنووس جودایە لەوەی شیعرو شاعیر هەڵگریەتی، رەنگە لەبەر ئەم جوداییەشی بێت زۆرێك لەشاعیرەكان چیرۆكنووسنو بەپێچەوانەشەوە، چونكە دواجار كردەی نووسین هەوڵی مرۆڤە بۆ گەڕانو بەرجەستەكردنی نەمریو دواخستنی فیزیكیانەی مەرگە، یان هەڵهاتنو راكردنی فیزیكیانەی مرۆڤە لەمەرگ.

شیعر لەگەڵ ئەوەی تا ئێستاش زۆرترین قورسایی ئەدەبی ئێمەی لەسەرشانە، بەلاَم نەبۆتە وەلاَمدەرەوەی هەمموو پرسیارەكانی تاكی كورد. لەم نێوانەدا چیرۆك توانای خولْقاندنی دنیایەكی تری هەیە، كە شیعر دەستی پێیناگاتو شیعر تەنها تا ئاستێك دەتوانێت خەونو خولیاو خەمو ئازارەكانی مرۆڤ لەخۆ بگرێت، بەلاَم چیرۆك سنووربەندی كەمتر بۆ ئەو خەونو خولیایانە دادەنێت. رەنگە بۆرخیسو كافكاو سادقی هیدایەت.. نموونەیەكی جوانی ئەو چیرۆكنووسانەبن كە دەتوانین وایان پێناسە بكەین كە توانای خولْقاندنی دنیای گریمانكراویان هەیە لە چیرۆكو رۆمانەكانیاندا، كە ئەگەر شاعیر بوونایە، رەنگە نەیانتوانیایە هێندە بە دیدێكی پڕ فەنتازییەوە گوزارشت لە ژیانی ئینسانەكان بكەن.

بۆرخیس لەو چیرۆكنووسانەیە كە گەمەی سەیر لەنێوان ئەفسانەو واقیعدا دەكاتو زۆرجار هەوڵی فریودانی خوێنەر دەداتو لەنێوان ئەفسانەو واقیعدا ونی دەكات. هەروەها دنیای كافكاو هیدایەتیش هەڵگری هەمان تایبەتمەندین، بەلاَم بە فۆرمی جیاواز لە بۆرخیس دەیكات.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە، كەمكردنەوەی گرنگی شیعر نییە، بەڵكو مەبەستمە تیشك بخەمە سەر ئەو حاڵەتەی، كە لە دنیای ئەمڕۆدا شیعر وەلاَمی هەمموو پرسیارەكانی مرۆڤ ناداتەوە، بۆیە چیرۆك دەیەوێت وەلاَمی زۆرێك لە پرسیارە وەلاَمنەدراوەكان بداتەوە، كە شیعر قودرەتی پەیپێبردنی نەبووە و نەیتوانییوە وەلاَمدەرەوەی تەواوی پرسیارەكانی مرۆڤ بێت. بەوپێیەی شیعرەو ژانرەیە كە زۆرترین كەس دەستی پێی دەگات و دەتوانرێت دەماودەم بگوێزرێتەوە و لە فەوتان بپارێزرێت، ئەمەش هۆكاری بەهێزی تەزەوقكردنی زیاتری شیعر بووە لای تاكی كورد، هەربۆیە شیعر كۆنترین ژانری ئەدەبی ئێمەیەو پاشان چیرۆك دێتو ئەوسا رۆمان.

لەئەدەبی ئێمەدا، چیرۆك تاهەنووكە نەیتوانیوە هەندێك كۆتوبەند بشكێنێتو لەو قاڵبە تەقلیدیەی گێڕانەوە دەربچێت كە ئەفسانەو حیكایەتە كۆنەكان هەڵگری بوون. سەیریش لەوەدایە بەشێكی زۆر لە چیرۆكنووسەكانی دەیەی شەستو حەفتاكان، چیرۆكێكیان قبوڵ نییە زەمەنو رووداوو پاڵەوان...هتد، دیاری نەكرابێت. بێگومان ئەم روانینە سنووربەندیە، كارێكی مەترسیدارە كە ئەدەب بەگشتیو چیرۆك بەتایبەتی لەقاڵب دەداتو رۆحی داهێنان دەكوژێت.

لەنێو ئەدەبی كوردیدا لە دەیەی هەشتاكانو نەوەدەكاندا، چەند چیرۆكنوسێك بەنەفەسێكی ترەوە بەخەونو خولیایەكی نوێوە، لەنێو چیرۆكی كوردیدا دەركەوتن، كە من ناوهێنانیان بەپێویست نازانمو كاری من نییە، بەڵام لەنێو ئەو دەنگانەدا (عەتا محەمەد) یەكێكە لەو چیرۆكنوسە جیدیانەی ویستوویەتی دنیایەكی تایبەت بۆ خۆی بخوڵقێنێتو بە شێوەیەكی جودا لە كاری چیرۆكنوسین بڕوانێت. عەتا لەناوەڕاستی نەوەدەكانەوە، وەك چیرۆكنوس ناسراو لەكۆتایی نەوەدەكاندا یەكەم كۆمەڵە چیرۆكی چاپكردووە. ئەو هەمیشە لە چیرۆكەكانیدا هەوڵی شێوەیەكی تر لە گێڕانەوەیداوە. رەنگە هەندێكجار، ساكارییەكی رووكەش لەگێڕانەوەیدا بەدی بكرێت، بەڵام مانای پشت چیرۆكەكانی عەتا، بەزوویی خۆبەدەستەوە نادەنو ئەو لەو چیرۆكنوسانەیە كە گرنگ نییە دەخوێنرێتەوە، یان نا، بەڵام گرنگە بەلایەوە ئەوەی دەیكات، واقیعێكی تر بێتو دیوێكی تری چیرۆك بخاتەڕوو.

### لە ئەفسانەوە بۆ واقیع

ئەوەی مەبەستی سەرەكی ئەم نوسینەیە، قسەكردن نییە لەسەر كۆی ئەزموونی ئەم چیرۆكنووسە. بەڵكو قسەكردنە لەسەر چیرۆكی (نەمری)(1) كە چیرۆكێكی نوێی عەتایە. ئەم چیرۆكە تا ئاستێكی زۆر سەختەو لەچیرۆكەكە ئینتەرنێت وەك دنیایەك بەكار دەهێنرێت و دەكرێتە ئەفسانەیەك، یان دەبێتە سەرزەمینێك بۆ خولقاندنی ئەو ئەفسانەیەی كە هاوەڵی كردنی مەرگە. واتە لەڕێی خولقاندنی ئەفسانەیەكەوە واقیعێك بەرجەستە بووە، كە چوونی مرۆڤە بۆ نێو تۆڕەكانی ئینتەرنێت و گەمە كردن لەگەڵ پێكهاتەكانی ئەو دنیایەدا.

لەو چیرۆكەدا كاركردنی عەتا فرە رەهەندو قوڵە. ئەو دەیەوێت لەو چیرۆكە كورتەدا، وەڵامی ئەو پرسیارە وجودیانەی مرۆڤ بخاتەڕوو، كە پرسیاری هەمیشەیی مرۆڤن. ئەم چیرۆكە ئەگەرچی ناوی (نەمری)ە، بەڵام پتر لە گێڕانەوەی چیرۆكی (مەرگ) دەچێت، چونكە مەرگ بەشێوەیەكی دیارو وەك كارەكتەرێكی سەرەكی چیرۆكەكە، خۆی نمایش دەكاتو دەبینرێتو هاوڕێیەتی دەكرێتو قسەدەكات.

ئەم چیرۆكە، ئەگەرچی گێڕانەوەیەكی ئەفسانە ئامێزانەی هەیە، هیچ سنورێك لە نێوان واقیعو خەیاڵ، ئێستاو رابردوودا نابینرێتو زەمەنو شوێن نادیارن. ونبوونی زەمەنو شوێن لەم چیرۆكەدا، تەنها كارێكی سەرپێیی چیرۆكنوس نییە. ئەمە ئەو واقیعەیە كە دنیای گلۆبالیزمو تەكنەلۆژیا هێناویانەتە نێو ژیانی هەموومانەوە.

لەم چیرۆكەدا مرۆڤ دەتوانێت لەزۆرترین زەمەنو زۆرترین شوێن بێت، ئەویش لەڕێی مۆبایل، یان ئینتەرنێتەوە، كە دنیای ئەمڕۆ لە پێكهاتەیدا هەیە. بێگومان مەبەست لە (بوون لە شوێن)دا بە شێوە فیزیكیەكەی مەبەستمە. عەتا بە زمانێكی سادە پرسیارەكانی دەوروژێنێتو ئەو لە دەقەكانیدا پرسیارە هەمیشەییو كەینونییەكانی مرۆڤ دەخاتەڕوو، بەڵام عەتا دەیەوێت لە رێی هەمەچەشنی گێڕانەوەوە، روویەكی ترو فەزایەكی تریان بداتێ تا بتوانێ ژیانێكی ترو خوڵقاندنی زیاتر بئەفرێنێ.

## ***سێبەرەکانی گێڕەرەوە***

لە گێڕانەوەدا دەبینین عەتا فێڵێکی جوان لە خوێنەر دەکاتو خوێنەر لەنێوان عەتاکاندا ون دەبێت (عەتای گێڕەرەوەو عەتای هاوڕێی مەرگو عەتای بەر کۆمپیوتەرەکەش کە ئامادەی بینینی ڕووداوەکانە، کەهەندێکجار دەبێت بە گێڕەرەوە). بێگومان عەتای دووەمو سێیەم عەتای گریمانکراوی عەتای یەکەمە کە (گێڕەرەوەیە). سێبەری عەتاکان دەمانخاتە بەردەم دنیایەکی نوێی گێڕانەوەو ئەزموونێکی نوێی چیرۆك، کە هەموو ئەو سنووربەندیانە تێدەپەڕێنێت کە نەوەی شەستو حەفتاکانو هەتا هەشتاکانیش بۆ چیرۆك هەیانە.

لەم چیرۆکەدا هەم زەمەنو هەم شوێنو هەم پاڵەوان، هیچیان ئامادەییەکی دیارییان نییەو لەڕێی سێبەری عەتاکانەوە، دەگەینە دوا خاڵی چیرۆکەکە. خوێنەر لە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسەدا، بە دنیای نوێو گێڕانەوەی نوێ ئاشنا دەبێت، کە عەتا دەیەوێت دنیایەکی جیاواز بۆ چێژ وەرگرتنی خوێنەر بخوڵقێنێت. گێڕانەوە لە هەموو چیرۆكو ڕۆمانەکانی عەتادا، گێڕانەوەیەکی ساکار نییەو (گێڕەرەوە) هەندێکجار لەنێو ئاڵۆزی گێڕانەوەدا ون دەبێت، یان دەتوانین بڵێین عەتا لە زۆرێك لە چیرۆکەکانیدا هەوڵی فرەگێڕانەوە دەداتو چیرۆك لە ناو چیرۆکدا دەخوڵقێنێت. واتە لە چیرۆكو ڕۆمانەکانیدا هەست بە گێڕەرەوەیەكو سێبەرەکەی دەکەین. عەتای دووەمو سێیەم کە سێبەری عەتای یەکەمن دەبنە گێڕەرەوە.

## ***هاوڕێیەتی مەرگ، یان خۆدزینەوە لێی***

عەتا لەسەرەتادا دەنوسێت: مردن ئەوەندەی چاوەڕوانییەکی وەڕسکەرە، ئەوەندە بەئازار نییە. پرسیاری مردن ئەو پرسیارە سەختەیە کە مرۆڤ ناتوانێت وەڵامی دەست بکەوێت تا خۆی ئەزموونی نەکات. د.محەمەد کەمال دەڵێت: مرۆڤ کە دێتە ژیانەوە، مردن لەگەڵ خۆیدا دێنێتە بوونەوە، بۆیە توانای راکردنی نییە لێی. عەتا لەم چیرۆکەدا هەوڵی راکردنو ئەزموونکردنی مەرگ نادات و ئەو جیاواز دەڕوانێتە ئەم مەسەلەیەو هەوڵی ئەوە دەدات کە هاوڕێیەتی بکاتو دواتر هەوڵی خوڵقاندنی جیهانێك بدات بەبێ مەرگو بێئاگاداری مەرگ. واتە عەتا جیهانێك دەخوڵقێنێت کە مەرگی تێدا نییە، بەڵام دواجار مەرگ لەو جیهانە ئاگادار دەکاتەوەو مەرگیش لەسەرخۆ دەڵێت: دەشێ تۆ وای بۆ بچیت، بەڵام من لە پشت ئەم گەردوونەوە ئامادەیم هەیەو تۆ نەتوانیوە زاڵبیت بەسەر وێنەو بیری مەرگدا.

لێرەدا دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ سەرەتا، کە ئاماژەمان بەوەدا، کە چیرۆك لە توانایدایە دنیای گریمانکراو لە هەناویدا حەشاربدات، کە شیعر ناتوانێت. بێگومان گێڕانەوەو تەوزیفکردی ڕووداوەکان لەم چیرۆکەشدا تا ئاستێکی زۆر سەختە بۆ دەقێکی شیعریو تەنها چیرۆك لە توانای هەزمکردنی ئەو دنیا ئەفسانەییەی هەیە.

وەك لەسەرەتادا ئاماژەمانپێدا، مرۆڤ خولیای بەردەوامی هەیە بۆ نەمریو دەیەوێت لەچەندین ڕێگاوە ئەو خولیایە بەرجەستە بکاتو یەکێك لەو ڕێگایانە نووسینە. عەتا لەکتێبی (دەستنووسی یەکەمو پەرتوکی خەون)دا، لای وایە نووسین لەخۆیدا کاریگەری جادووی هەیە. یان دەڵێت: (بەمانایەکیتر دەتوانم بڵێم نووسین هەوڵدانە بۆ خوڵقاندنی چێژو سەرسامی، نەوەك چەسپاندنی بەهاو بۆچوونو زانیارییە باوەکان، هەربۆیە ئەو جۆرە نوسەرەی (بەهەمان شێوە خوێنەریش) لەدەقدا لەو شتانە دەگەڕێت کەزانراوە، وەك ئەو کەسە وایە کە لە ئێستادا بیابانو دەریاو چیاکان بگرێتەبەر، تاخڕیەتی زەوی بسەلمێنێت، لێرەوە دەبێت نووسین وەك گەمەی شەترەنج سەیربکەین کە

لەنێوان نووسەرو خوێنەر بەڕێوەدەچێتو ئەوە نووسەریشە دەست پێشخەری دەکات لەفڕێدانی جوڵە فێلا 'ویەکانیدا)(٢).

بێگومان عەتا لەو نووسەرانەیە کە زۆرترین فێڵ بەکاردێنێت لە نووسینەکانیداو هەوڵی سەرسامکردنی خوێنەر دەدات، هەم لەرێی گێڕانەوەوە، وەك لە سەرەتادا ئاماژەم پێدا، کە لەنێوان عەتاو سێبەرەکانیدا کردبووی‌و هەم لەرێی خوڵقاندنی دنیای گریمانکراوەوە، وەك هاودەمیکردنی مەرگ کە لەم چیرۆکەدا دێتە قسەو دەڵێت: (منت گۆڕیوە بەنەمری، هەمیشە خالقەکان ئەو یاریە دەکەن). ئاماژەدان بەمە لای عەتا، ئەو نهێنیە تەواو روون دەبێتەوە، کە نووسینیش جۆرێکە لەنەمری‌و هاوکات بزێوی مرۆڤ وجوڵە بەردەوامەکانی لەژیاندا، هەمان هەوڵە بۆ نەمربوون، بەڵام دواجار کە مرۆڤ لە نەمری تێدەگات (وەك لە چیرۆکەکەدا ئاماژەی پێدراوە)، نەمری سزای مەرگە، یان دەتوانین بڵێین دیوێکی تری مەرگەو ژیان یارییەکە مرۆڤ دۆڕاوی یەکەم‌و کۆتا دۆڕاوە.

## گەڕانەوە بۆ مێژوو

یەکێك لە تایبەتمەندی چیرۆکەکانی "عەتا محەمەد" ئەوەیە کە گەڕانەوەیەکی بەردەوام هەیە بۆ رابردووو خولیای سەفەرکردن بە نێو مێژوودا. سەفەری عەتا تەنها سەفەرێکی موجەڕەدو ئەبستراکت نییە، بەڵکو ئەو دەیەوێت سەفەرێکی نوێ بکاتو ئەو هەرگیز نایەوێت مێژوو وەك ئەوەی کە هەیەو مێژوونووسەکان نوسیویانەتەوە لە چیرۆکەکانیدا تەوزیف بکات، بەڵکو ئەو مێژوو وەك ئەوە دەخاتەڕوو کە خۆی دەیەوێت. لەم چیرۆکەشدا عەتا لە رێگای نالی‌و جەمال عیرفانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو. نالی لە زەمەنێكو جەمال عیرفان لە زەمەنێکی تردا.

پێدەچێت ئاماژەدان بە نالی‌و بەکارهێنانی لەم چیرۆکەدا بۆ سەرسامبوونی عەتا بگەڕێتەوە بەم شاعیرەو ئەو نامە چیرۆکییەی بۆ سالمی هاوتای ناردووە، یان رەنگە ئەم ئاماژەدانە گریمانەکردنی فەوتاندنی بەشێك لە شیعری ئەم شاعیرەبێت (وەك لە چیرۆکەکەدا ئاماژەی پێدراوە). بەهەرحاڵ گەڕانەوە بۆ رابردووو ئەو گەمە سەیرانەی نێو مێژووش، یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی عەتاو ئەزموونی چیرۆکنووسینی ئەو، کە توانیویەتی گەمەیەکی زیرەکانە لەتەك رووداوە مێژوویەکاندا بکات. هەروەها ئاماژەدان بە (جەمال عیرفان) کە رۆشنبیرێکی پەراوێزخراوی سەردەمی شێخ مەحمودەو لە رووداوێکی تەمومژاویدا دەکوژرێت. عەتا دێتو لەم چیرۆکەدا وەك هێمایەك بۆ دووبارە کوشتنەوەی رۆشنبیر لە سەردەمێکی نوێداو لە ساڵی (٢٠٠٥)دا (کە لە چیرۆکەکەدا ئاماژەی پێدراوە)، دووبارە بەکاری دێنێتەوە، یان وەك سمبولێك بەکاریدێنێت بۆ دۆزینەوەی مانای نوێ لە رووداوی کوشتنی ئەو پیاوەدا کە کوشتنێکی نادیارە.

هاوکات لەگەڵ ئەم گەڕانەوەیەی عەتا بۆ رابردوو، ئێستاش ئامادەیی هەیە. بوونی ئینتەرنێتو دۆزینەوەی مەرگ لە سایتێکی ئینتەرنێتیدا، ئاماژەدانێکە بە ئێستا، واتە عەتا دەیەوێت لە رێی ئەم دەقەوە ئێستاو رابردوو گرێبداتەوە. نووسەر دەیەوێت لەم ئێستایەوە ئەو خەونە دێرینەی مرۆڤ بەرجەستە بکات کە هاوڕێیەتی مەرگە، ئەگەرچی لە فەنتازیاو لە خەیاڵیشدا بێت، بەڵام خودی ئەو ئاماژەدانە مانای نەمانی ئەو ترسەیە لە مەرگ، هەرچەندە ئامادەیشی هەبێت.

## بەرلەکۆتایی

قسەکردن لەسەر ئەم چیرۆکەو کەشفکردنی هەموو پەنهانەکانی، وردبوونەوەی زیاتری دەوێت. ئەوەی لێرەدا خرایەڕوو، تەنها چمکێکی ئەو دنیا ئەفسوناویەی عەتایە، کە سەرسامی کردمو نەمدەتوانی لە ئاست جوانی ئەو چیرۆکەدا بێدەنگ بم. ئەم چیرۆکە گەڕانەوەیەکی سەیرە بۆ رابردوو و شوبهاندنی بە ئێستاو گەمەیەکە لەنێوان ئەفسانەو واقیعدا، یان دەتوانین بڵێین بەئەفسانەکردنی واقیعو خوڵقاندنی ئەفسانەیەکی نوێیە، بە واقیعکردنی ئەفسانەو خەیاڵەکانی مرۆڤە لەڕێی گێڕانەوەوە.

***

١- عەتا محەمەد، چیرۆکی (نەمری). پەیکی رۆژنامە ژمارە (٥) رۆژی (٢٠٠٧\١١\٤).
٢- عەتا محەمەد، دەستنووسی یەکەمو پەرتوکی خەون- دەقی ئەندێشەیی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-ساڵی (٢٠٠٣).